کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-2-2007 21:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوردستان بەرەو دیموکراتی راستەقینەو ئابوورییەکی بەهێز. . . . . . قەهرەمان عوسمان دۆلەمەری

دیموکراسی جوانتیرن و باشترین سیستەمە بۆ بەرەو پێشڤەچوونی هەر کۆمەلگایەك لە جیهان، شەری ساردی نێوان هەردوو بلۆکی (ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا) کێشمەکێشم و ململانێی نێوان دوو سیستەمی جیاواز لە رووی ئابووری و سیاسی و دواتر سەرکەوتنی بەرەی ڕۆژئاوا و پێشڤەچوونی دەولەتەسەرمایەدارەکانی وەکو ئەمەریکا لە هەموو رووەکانی ژیان گەواهیدەری باشی سیستەمی سەرمایەداری و دەسەلاتی دیموکراتی دەردەخات، بێگومان هیچ سیستەمێکی دیموکراتی بەبی ئابووریەکی بەهێز سەرکەوتوو نابێت، زۆربەی وەلاتانی ئەفریقی لەدوای ئازاد بوون لە داگیرکاری سیستەمی دیموکراتیان لە حوکم کردن پەیرەو کردووە بەلام دواتر زۆربەیان گەراونەتەوە سەر سیستمی تاك رەوی بەهۆی نەبوونی ئابووریەکی بەهێز، کوردستانیش وەکو وەلاتێکی تازە پێگەیشتوو ئەگەر سەیرێکی پایەکانی دیموکراتیەت بکەین وەکو (ئازادی رادەربرین، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی کۆبونەوە و خۆپیشاندان، فرەحزبی و بەرابەری پیاو ئافرەت. . . . . . . . . . . هتد ) لەم وەلاتە دبینرێن هەمووکەسێك ئازادە لە رادەربرین و چەندەها سایت و ڕۆژنامە و گۆڤار و هەفتەنامەی سەربەخۆ و حزبی دەردەوچێت و سەرەرای هەبوونی چالاکی سیاسی ژمارەیەکی زۆری حزب و گروپی ((ngo ی خاوەن ئایدۆلۆژی جیاواز لە مەیدانی سیاسی ئازادانە کاری خۆیان دەکەن و حکومەت میزانیەیی دیاریکراوی بۆ دیاری کردون و هەن وئەمە لە لایەك و لەلایەکیتر هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لە رووی ئابووری یەوە و دەرکردنی یاسای وەبەرهێان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ئابووری کوردستان کە پایەیێکی بەهێز بۆ بەردەوام بوون و بەروپێشڤەچونی کوردستان و بەهێزبوونی و ئەم یاسایە ئاسۆیی ئایندەی ئابووری کوردستان رووناکتر دەکات، یاسای وەبەرهێنان بوار دەرەخسێنێت بۆ کۆمپانیاکانی بیانی کە بێن و لە کوردستان سەرمایەکانیان بخەنەگەر و بەمەش کوردستان وەکو پێگەیەکی بەهێزی ئابووری رکابەری دەولەتانی ناوچەکە دەکات، ئەگەر براوردێکی ئێستای شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بکەین لەگەڵ چەند سالێك لەمەوبەر ئەمەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کوردستان چەند لە رووی ئابووریەوە پێشکەوتووە و ئاسۆیەکی جوان لە هەولێرەوە بۆ هەموو کوردستان چاوەرێدەکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی باشتر بوونی باری ژیانی هاوڵاتیانی کوردستان و بەمەش خۆشگوزەرانیەکی لە رادە بەدەر بۆ رۆلەکانی ئایندەمان دابین دەکرێت، لێرەوە روو دەکەینە هەموو خاوەن سەرمایەکانی کوردستان کە سەرمایەیی خۆیان بخەنەگەر و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ خێراترکردنی رەوشی پێشڤەچونی ئابووری و دابین کردنی کار بۆ هاوڵاتیانی کوردستان.

بەهێز بوونی ئابووری و ئەم پێشڤەچوونەی هەرێمی کوردستان حاشاهەلنەگرە و هەر ئەم بەهێز بوونە لە رووی ئابوریش و بەرقەراربوونی ئاسایش و ئارامی و پەیرەوکردنی شێوەیەك لە دیموکراتی بە بۆچونی خۆم پێگەی کوردی بەهێزکردووە و هەولێری کردۆتە سەنتەری بریار لە عێراق و رۆژ لە دوای رۆژ گرنگی کوردستان بۆ دۆست و دوژمنانی روونتر دەبێت و حساباتی دەولەتان لە رووی رامیاری وئابوورییەوە بەرامبەر کوردستان گۆرانی بەسەر دادێت، سەرەرای ئەمەش نابێت کەم وکورتیەکانی حکومەتی هەرێم لە رووی دابین نەکردنی سوتەمەنی و کارەبا لە بیر بکەین و هیواداراین هەرچی زووتر ئەم کێشانەش نەمێنێت بۆ سوك کردنی باری گوزەران و باشترکردنی بژێوی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە ئەم کێشانە بەراوردناکرێن لەگەڵ ئەم هێمنی و ئاسایش و ئازادیەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، وە هەروەها ئەم داوایەش ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە رێکەوتنیان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان بەو شێوەیە بێت کە کرێکاری کوردی بخەنە کارو دەست

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەڵگرن لە هێنانی کرێکاری بیانی ئەمەش بۆ نەهێشتنی بێکاری لاوانی کوردستان و ڕێگەگرتن لە سەفەرکردنیان بۆ دەرەوەی کوردستان و هەروەها هۆکارێکیش بێت بۆ هاندانی گەراندنەوەی رەوەندی کوردی بۆ کوردستان کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ هێنانەوەی کەسانی خاوەن تەجروبەی باش لە ئیشکردن بۆ هەرێم کە بێگومان جێگایان دیار دەبێت لە گەشەسەندنی ئابووری ولات، سەرەرای ئەم گلەیانەش هەنگاوهەڵنانی حکومەتی کوردستان بەرەو دیموکراتیەکی راستەقینە بەرز دەنرخێنین و پێم وایە دوای ماوەیەکی نەچەندان دوور ولاتێکی بەهێزمان دەبێت و هەموو خەسڵەتەکانی دیموکراتی لەخۆ دەگرێت و وەلاتێکی بەهێز دەبێت لە رووی ئابووری، هیچ دیموکراتیەتێکیش بەبێ کەم وکوری لە دایك نەبووە و ناشبێت بەڵکو کۆمەڵگاکان لە دەسەلاتی دیکتاتۆریەوە هەنگاو دەنێن بۆ دیموکراتی و هەموو هەنگاوەکانی حکومەتی کوردستان، وەڵاتمان بەرەو ئاسۆیەکی گەش دەبات.

15/2/2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.